دکتۆر نوری تاڵەبانی

# سیاسەتی گۆڕینی
## روخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

سیاسەتی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک
دکتۆر نوری تاڵەبانی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٥٣٥) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (١٧)

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# بەرایی

شاری کەرکوك بەشێکی میرنشینی ئەردەڵان (٦١٧ك -١٢٨٤ك)و بابان (١١٠٦ك- ١٢٦٧ك) بوو لەماوەی جیا جیادا پاشان بوە سەنتەری ویلایەتی شارەزور تا ساڵی ١٨٧٩[1]. شاعیری ناسراوی کەرکوك شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٢٥- ١٩١٠) لەچەند هۆنراوەیەکیدا بەکوردیو فارسیو عەرەبی ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە کەرکوك سەر بەمیرنشینی بابان بوەو پاشانیش بۆتە سەنتەری ویلایەتی شارەزور[2]. لەشیعرەکەیدا وتویەتی کە



بەبیری دێ کاتێك سلێمانی سەنتەری میرنشینی بابان بووە، نە ملکەچی عەجەم بوەو نە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان بوە[3]. شێخ رەزا لەتەمەنی دەوروبەری سی ساڵیدا، بۆ یەکەم جار سەردانی ئیستانبوڵی کردو لەڕێدا بەگوندی بریفکاندا تێپەڕی کەگڵکۆی شێخ نوررەدینی بریفکانیی لێیە[4]. لەوێ بەفارسی شیعرێکی دانا کەتێیدا بەشانو باڵی شێخی بریفکاندا هەڵیداوە. شاعیرە کەرکوکیەکە لەهۆنراوەکەیدا بەوە دەست پێدەکا کەئەو لەشارەزورەوە هاتوەو مەبەستێتی سەردانی ئیستانبول بکا، بەڵام لەوێ بەوڵاتی رۆم ناوی هێناوە[5].

ساڵی ١٨٧٩ کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بڕیاریدا سەنتەری ویلایەتی شارەزور لەکەرکوکەوە بۆ موسڵ بگوازێتەوە، شێخ رەزا لەپارچە شیعرێکدا کەبەتورکی نوسیویەتی زۆر بەخەمو خەفەتەوە باسی ئەم مەسەلەیە دەکاو تێیدا خەڵکی لەم بڕیارە وریا دەکاتەوە، هەر لەو

پارچە شیعرەدا ناوی ئەو والیە تازەیە دێنێ کەپێدەچێ ئەو ئاشنایەتی لەگەڵدا هەبوبێو دەشیزانی چ والیەکی بێ بەزەییو دڵڕەقو رەفتار توندە، شێخ رەزا لەشیعرەکەدا دەڵێ، وا موسڵ بۆتە سەنتەری ویلایەتەکەو نافیع ئەفەندیش بۆتە والیەکەی، وای بەحاڵی رەعیەت کەدەبێ هەمویان دادو بێدادیان بێ لەزوڵمو زۆرەکەی(٦).

سەرباری ئەم گەواهیە شیعریەی قۆناغەکانی مێژوی کەرکوک کەشاعیر پێش سەدەو نیوێك بۆی تۆمار کردوین، گەریدەیەکی ناسراوی عوسمانی لەئینسکلۆپیدیایەکدا بەزمانی تورکی کەناوی فەرهەنگی ناو ناوە، گەواهی خۆی دەربارەی ئەم شارە داوە. عەللامە شەمسەدین سامی دەربارەی شاری کەرکوک دەڵێ: "کەوتۆتە ناو ویلایەتی موسڵ کە سەر بەکوردستانەو ١٦٠کم لەباشوری رۆژهەلاتی شاری موسڵەوەیە، سەنتەری ئەیالەتی سنجەقی شارەزورە، ژمارەی دانیشتوانی ٢٠ هەزار کەسە، قەلایەكو ٣٦ مزگەوتو ٧ خوێندنگەو ١٥ تەکیەو خانەقاو ١٢



خانو ١٣٨٢ دوکانو ٨ حەمامی تێدایە"(٧). دەربارەی دابەشبونی نەتەوەییش وتویەتی: "سێ چارەکی خەڵکەکەی کوردن، ئەوەی لێی دەمێنێتەوە تورکو عەرەبو خەڵکانی ترن، شارەکە ٧٦٠ جولەکەو ٤٦٠ کلدانی لێیە".

ئەگەرچی عوسمانیەکان لەهەوڵی ئەوەدا بون کەدەسەلاتو پێگەی هەندێ لەبنەماڵە تورکیەکانی جێی متمانەی سوڵتانەکانی ئال عوسمان پتەو بکەن، بەلام شاری کەرکوک روخسارە تێکەڵەکەی خۆی پاراست. ئەو بنەماڵە بەرەچەڵەك تورکانە باوو باپیریان لەکەرکوك نیشتەجێ ببون، ئەویش پاش سەرکەتنی لەشکرکێشیەکەی ساڵی ١٦٣٨ی سوڵتان مورادی چوارەم کەتێیدا توانی عیراق لەسەفەویەکان وەرگرێتەوە(٨). ئیدارەی عوسمانی پۆستی موتەسەلیمیەی (واتە بەرێوەبردن) بەسەرانی ئەو بنەماڵە بەرەچەڵەك تورکانە سپاردو چەند نازناوێکی پایە بەرزیشی پێ بەخشین(٩). ئەم بنەماڵانەش بەنۆرەی خۆیان بە

بەردەوامی لەخزمەتی حوکمی عوسمانیو کەلتورەکەیدا بونو وەك ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی نوسیویەتی ئەم بنەماڵە تورکانە "سەرچاوەیەکی بەبڕشتی دابینکردنی کارمەند بون" بۆ دەوڵەتی عوسمانی[١٠].

ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی سەبارەت بەڕەوشی کارگێری ناوچەی کەرکوك لەکۆتایی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیەکاندا وتویەتی "کەرکوك سەنتەری ئەیالەتی شارەزور بوو لەسەدەی هەژدەهەم، پێکهاتبو لەلیواکانی ئەمڕۆی کەرکوكو هەولێرو سلێمانی، پاشان سنجەقی کەرکوك ناونرا شارەزورو لیوای کەرکوکی پێوە لکێنرا، لەکاتێکدا کەشارەزوری مێژویی واتە "سلێمانی" لەدەرەوەی سنجەقە تازەکە مایەوە. ساڵی ١٨٧٩ ویلایەتی موسڵ پێکهێنراو کەرکوکیش وەك شارێکی سوپایی گرنگ مایەوە[١١]" پاشان سەرچاوەکە باس لەوە دەکات کەویلایەتی موسڵ لەسێ سنجەق (لیوا) پێکهاتبو



کەبریتی بون لەموسڵو کەرکوكو سلێمانیو لەساڵی ١٩١٨دا سێ قەزای باکوری زێی بچوك لەکەرکوك جیا کرانەوەو لیوای هەولێریان لێ پێك هێنرا[١٢]. ئەم سنجەقانە تا بەرپابونی جەنگی یەکەمی جیهان سەر بەویلایەتی موسڵ بونو پاشان لەکۆتایی جەنگەکەدا بەریتانیا توانی دەستیان بەسەردا بگرێ، هێزەکانی بەریتانیا لە١٧ی ئایاری ١٩١٧دا بەسەرکردایەتی جەنراڵ مارشاڵ شاری کەرکوکیان گرت، بەڵام دواتر لە٢٧ی هەر ئەو مانگە لێی کشانەوەو پاشان لەکۆتایی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بەیەکجاری دەستیان بەسەردا گرتو دواتر ئاگربەستی مۆدرۆس لەنێوان بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانی ئیمزا کرا[١٣].

دیارە جگە لەناوچەی سلێمانی کەشێخ مەحمودی حەفید بەهاوکاری هەندێ لەڕاوێژکارانی ئینگلیز ئیدارەیەکی سەربەخۆی تێدا دامەزراند، هەمو ناوچەکانیتری ویلایەتی

موسڵ لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی سوپای داگیرکەری ئینگلیزو لەژێر سەرپەرشتی هەندێ لەئەفسەرە سیاسیە بەریتانیەکاندا بون. لەو کاتەدا کەئینگلیزەکان ویلایەتی موسڵیان داگیرکردبوو سەرچاوە زۆرو زەوەندەکانی نەوتی کەرکوکیان دۆزییەوە، بۆیە بەسیاسەتەکەی خۆیاندا چونەوەو بڕیاریاندا لەویلایەتەکە بمێننەوە، ئەگەرچی ویلایەتەکە بەپێی رێککەوتنی نهێنیی ساڵی ١٩١٦ی نێوان هاوپەیمانەکاندا بەر بەریتانیا نەکەوتبو. ئینگلیزەکان هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ رازیکردنی فەرەنسا بەوازهێنان لەویلایەتی موسڵو توانیان لەم بوارەدا سەرکەوتو بن، ئیدی لە٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا پەیمانی سان ریمۆ ئیمزا کراو بەهۆیەوە فەرەنسا رازی بوو ویلایەتەکە بۆ بەریتانیا بهێڵێتەوە بەرامبەر بەرێژەیەکی دیاریکراو لەپشکی کۆمپانیای نەوتی تورکی(T. P. C) کە لەمەوبەر لەنێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئەڵمانیا دروست کرابوو، ئامانجەکەی گەڕان بوو بەدوای نەوت لەسنوری هەردو ویلایەتی بەغداو موسڵدا [١٤].

بەمجۆرە، دۆزینەوەی نەوت لەکەرکوكو دەوروبەری هۆیەکی بنچینەیی بوو بۆ لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعیراقەوە کەدەوڵەتێکە، ئینگلیزەکان لەساڵی ١٩٢١دا لەهەردو ویلایەتی بەغداو بەسرە دروستیان کردو میر فەیسەلی کوڕی شەریف حوسێنیان کردە پاشای[١٥]. پاش دەرچونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٢٥دا کەتایبەت بوو بەیەکلاکردنەوەی سنوری ئەم ویلایەتە، ویلایەتی موسڵ کە کەرکوك بەشێکی پێکدێنێ، خرایە سەر عیراق. بڕیاری لکاندنی ویلایەتەکە بەعیراقەوە پاش ئەوە دەرچو کەلیژنەی لێکۆڵینەوە، راپۆرتی خۆی پێشکەش بەئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کردو ئەم لیژنەیە لەمانگی شوباتدا سەردانی ویلایەتی موسڵی کردبوو[١٦]. ئیدارەی بەریتانیا کەشوهەواکەی وا لێکردبوو کەبگونجێ لەگەڵ

سەردانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ویلایەتی موسڵ. لەکانونی یەکەمی ١٩٢٤دا، بەریتانیا وای کرد پاشا فەیسەڵی یەکەم جگە لەناوچەی سلێمانی، سەردانی هەمو شوێنەکانی ویلایەتی موسڵ بکات تاکو هانیان بدا داوا بکەن بخرێتە سەر دەوڵەتی عیراق. بەریتانیا سەردانەکەی پاشای بۆ ویلایەتەکە کردە بیانوو بۆ هەڵکردنی ئاڵای عیراق لەسەر بینا فەرمیەکانی ویلایەتەکە کەهێشتا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەسەر چارەنوسی نەدابوو[١٧]. زۆرێك لەتوێژەرانی عیراق وەك خوالێخۆشبو عەبدولرەحمان بەزاز جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەئەگەر هەوڵ‌و کۆششی بەریتانیا نەبوایە، کێشەکە بەقازانجی عیراقدا نەدەشکایەوەو ویلایەتی موسڵ نەدەبو بەپارچەیەك لەعیراق. دەبێ بگوترێ بەرژەوەندییە ئابوری‌و ستراتیژیەکانی بەریتانیا هاندەری سەرەکی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بون بەعیراقەوە. بەریتانیا ئەو وڵاتە بوو کەسەرپەرشتی عیراقی دەکردو دەیویست نەوتی کەرکوك بۆ



بەندەرەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بنێرێ‌و لەوێوە بگا بەئەوروپاو ڕۆژئاوا. ئەم نەوتە بۆ ئەوەی بگەیشتایەتە ئەو بەندەرانە، دەبوایە بەناو خاکی عیراقدا بڕۆیشتایە، بۆ نمونە، نەوتی کەرکوك بەناو خاکی تورکیادا نەدەنێردرا چونکە پەیوەندی ئەوسای بەریتانیاو تورکیا فرە خراپ بوو، تورکیاش داوای ویلایەتی موسڵی دەکردو بەهی خۆی دەزانی، بۆیە بەریتانیا بڕیاریدا هێڵێکی بۆری بۆ گواستنەوەی نەوتی خاوی کەرکوك بۆ بەندەرەکانی سوریاو لوبنان دروست بکا. دواتر، لەناوەڕاستی هەشتاکاندا ئینجا توانرا لەڕێی هێڵێکی تازەی گواستنەوەی نەوتەوە، کەرکوك بە بەندەری جەیهانی تورکیاوە ببەسترێتەوەو لەوێوە نەوتەکە بۆ بازاڕەکان بچێ[١٨].

ئەگەرچی سیاسەتی گۆڕینی روخساری دیموگرافی لەناوچەی کەرکوك بەشێوەی جۆراوجۆر لەلایەن هەندێ لەحکومەتەکانی عیراقەوە هەم لەسەردەمی پاشایەتیدا

پەیڕەو کراوە هەم لەسەردەمی کۆماریدا، بەڵام ئەم سیاسەتە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا بوو بەسیاسەتێکی فەرمی حکومەتو بەپێی پلانی ورد جێبەجێ دەکرا، لەبەر ئەوە لەسەرەتادا ئاماژە بۆ سیاسەتی حکومەتەکانی عیراق لە ١٩٢١ـەوە تاکو ١٩٦٣ دەکەینو پاشان دەچینە سەر باسکردنی هەڵسوکەوتی رژێمی بەعس لەماوەی ساڵی ١٩٦٣و ماوەی نێوان ١٩٦٨- نیسانی ٢٠٠٣ کەئامانجەکەی وەدیهێنانی گۆڕانێکی قوڵی نەتەوەیی بوو لەناوچەی کەرکوك.

**یەکەم:**

**سیاسەتی گۆڕینی نەتەوەیی لە ١٩٢١- ١٩٦٣**

ساڵی ١٩٢٥ ویلایەتی موسڵ بەبریارێکی نێودەوڵەتی بەدەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، بۆ ئەو لکاندنەش مەرج بۆ هەریەك لەعیراقو دەوڵەتی ماندێتەری بەریتانیا هەبوو کە "دەبێ ئارەزوی کورد لەبەرچاو بگیرێ کەداوا دەکەن



کارمەندی بەرەچەڵەك کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتیان دابندرێو زمانی کوردی لەدامو دەزگا خزمەتگوزاریە هەمەچەشنەکاندا زمانێکی فەرمی بێت[١٩]"، بەڵام حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لەم پابەندبونە نێودەوڵەتییانە پەشیمان بونەوەو بەتایبەتی لەناوچەی کەرکوك سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەم پابەندبونەیان گرتە بەرو هەمیشە هەوڵیاندا نەیەڵن کورد هیچ رۆڵێکی لەکاروباری کەرکوکدا هەبێ، بەتایبەتی پاش پەی بردن بەگرنگیی ئابوریو ستراتیژی بۆ عیراقو بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی بەریتانیا[٢٠].

ئەمە راستەوخۆ پاش داگیرکردنی کەرکوك دەردەکەوێ کە لەو کاتەدا ئیدارەی داگیرکاری بەریتانیاو پاشان حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بڕیاریاندا زمانی تورکی وەك زمانی فێرکردنو بەڕێوەبردن لەکەرکوك بهێڵنەوەو ئەمە تا کۆتایی بیستەکان وابوو، هەروەها

ڕۆڵێکیان بەتورکمان بەخشی کە لەگەڵ ڕێژەو قەوارەی دیموگرافیاندا لەناو شارو لەلیواکەدا نەئەگونجا، ئەمەش هەر ئەو سیاسەتەیە کەعوسمانیەکانی دوێنێ پیادەیان دەکرد، هەروەها حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق‌و بەڕێوەبردنی نەوتی عیراق (I. P. C) کەئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ هەڵیاندەسوڕاندو سەنتەرەکەی لەکەرکوك بوو، کەوتنە هەماهەنگی بۆ هێنانی خەڵکی پارێزگاکانی دیکەی عیراق بۆ دامەزراندنیان لەدام‌و دەزگاکانی کۆمپانیاکە لەکەرکوك‌و دەوروبەری، ئیتر بەهۆی ئەمەوە، هەزاران کرێکارو تەکنیکارو پیشەوەر ڕژانە سەر کەرکوك‌و پاش ئەمانیش هەزاران خاوەن پیشەیترو بازرگانی بچوك‌و فرۆشیارو بێئیشوکار ڕویان لەکەرکوك کرد[٢١]. لەئاکامی دامەزراندنی ئەم ژمارە زۆرەی کرێکاران‌و تەکنیکاران لەدام‌و دەزگاکانی کۆمپانیاکەدا کەهەمویان خەڵکی لیواکانیتر بون، چەندین گەڕەکی تایبەت بەعەرەب‌و ئاشوری‌و ئەرمەن لەناو گەڕەکە کۆنەکانی کەرکوك لەنزیك



ئەو دام‌و دەزگایانە دروست بوو[٢٢]. هەندێ لەلێکۆڵیارەکان ڕێژەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك لەماوەی ١٩١٩ - ١٩٦٨ بەپێنج ئەوەندەی خۆی مەزەندە دەکات‌و وای دادەنێ کەتەنها لەماوەی نێوان (١٩٤٧ - ١٩٥٧)دا نزیکەی ٣٩ هەزار کۆچەر لەکەرکوك نیشتەجێ بووە[٢٣].

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەڕێژەی کرێکاران‌و کارمەندانی کورد لەدام‌و دەزگاکانی کۆمپانیاکەدا لەدوای دواوە بووەو بەهیچ کلۆجێك لەگەڵ ژمارەیان چ لەشارەکەدا چ لەلیواکەدا نەدەگونجا[٢٤]. لەسەرەتای ساڵانی پەنجادا کۆمپانیاکە سەدان خانوی بۆ کرێکاران‌و کارمەندەکانی لەناوچەیەکدا دروست کرد کەناوی لێنرا عەرەفە یان کەرکوکی نوێ. زۆربەی خەڵکی ئەو خانوانە ئاشوری‌و ئەرمەن‌و عەرەب‌و تورکمان بون، ئەمەش ئەو هەستەی لەلای کورد دروست کرد کەهەر لەسەرەتاوە زوڵمیان لێ

كراوه، بەجۆرە وەگەڕخستنی چاڵگەكانی نەوت لەكەركوك‌و دەوروبەری بوە هۆی نیشتەجێكردنی ژمارەیەكی زۆری خەڵكی پارێزگاكانیتر لەناو شاری كەركوك. حكومەتەكانی عیراقی سەردەمی پاشایەتی بەردەوام بون لەسەر پیادەكردنی هەمان سیاسەت، واتە هاندانی غەیرە كورد بۆ نیشتەجێبون لەكەركوك‌و رێ نەدان بە بەكارهێنانی زمانی كوردی لەخوێندنی سەرەتایی لەگەڕەكە كوردەكاندا[٢٥]. هەروەها رێ نەدرا كوردی كەركوك ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیش بكا، لەكاتێكدا هەندێجار رێ بەكوردی ناوچەكانیتر دەدرا كەئاهەنگی نەورۆز بگێڕن.

بەڵام ئەم حكومەتانە كوردیان لەكەركوك دەرنەكردو تەگەرەشیان نەخستە بەردەمی كۆچكردنی كوردی لادێكانی لیواكە بۆ ناو كەركوك لەوشكە ساڵەكاندا، بەڵام لەساڵانی سییەكاندا وەزارەتی یاسین هاشمی پلانی بۆ نیشتەجێكردنی هەندێ عەشیرەتی كۆچەری عەرەب



لەدەشتی حەویجەی باشوری رۆژئاوای لیواكە دانا، ئەویش بەدامەزراندنی پرۆژەی ئاودێری‌و دابینكردنی ئاوی زێی بچوك بۆ دەشتەكە[٢٦].

كاتێك شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەڵایسا، كورد شادمان بوو، وپشتگیری كرد بەو هیوایەی كەئەم شۆڕشە سنورێك بۆ سیاسەتی جیاكاری دابنێ‌و لەم بوارەدا كوردی كەركوك داوایان لەسەركردایەتی شۆڕشەكە كرد رێیان بداتێ خوێندنی سەرەتایی لەناوچە كوردییەكانی كەركوك بەكوردی بێ[٢٧]. بەڵام دانانی ژمارەیەك لێپرسراوی سوپایی‌و مەدەنی لەچەند پۆستێكی گرنگ‌و هەستیاری كەركوك لەو كەسانەی كەبیركردنەوەی سیاسیان بەرتەنگ بوو، وەهای كرد كەهیچ گۆڕانێك بەسەر رەوشی كورددا نەیەت. جگە لەوە، دام‌و دەزگاكانی ئاسایش هەر بەردەوام بون لەسەر راوەدونانی ئەو كەسایەتیە سیاسیانەی كە لەسەردەمی پاشایەتیش هەر راو نرابون، ئیدی بەبیانوی

راگرتنی بالانسی نێوان کوردو تورکمان لەکەرکوك، لێپرسراوە تازەکان بەتایبەتی فەرماندەی تیپی دووی کەرکوك عەمید نازم تەبەقچەلی چەند هەنگاوێکیان نا کەزۆرتر بەلای تورکمانەکاندا دایدەشکاند[٢٨]. جگە لەوە، تەبەقچەلی چەند نوسراوێکی فەرمی نهێنی بۆ وەزارەتی بەرگری لەبەغدا ناردو تێیدا بوختانێکی زۆری کردو وای نیشاندا کەکورد گێرەشێوێنەو لەکەرکوك سەرقاڵی دروستکردنی کۆماری کوردستانو بانگەشەکردنن بۆ هەرێمی کوردستان[٢٩].

بەلای تەبەقچەلیەوە، داوای رۆشنبیرانی کورد سەبارەت بەدامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی خوێندنی کوردی لەکەرکوك "بەڵگەی نیازو هەوڵدانی کوردە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمارە[٣٠]". ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەساڵی ١٩٢١دا لەکەرکوك هەبوو، ناوەکەشی مفەتشیەی مەعاریفی ناوچەی کوردستان بوو.



سەندیکای مامۆستایانی عیراق لەبەغداو چەندین لایەنی سیاسی عیراقی پشتگیری ئەم خواستانەی کوردیان کرد. دیارە ئەوەی کەتەبەقچەلی لەو کاتەدا کردویەتی کە فەرماندەی تیپی دووی کەرکوكو حاکمی راستەقینەی هەمو ناوچەی باکوری عیراق کردویەتی، فڕی بەسەر راگرتنی هاوسەنگی نێوان کوردو تورکمانەوە نەبوە بەڵکو زۆرتر بۆ دروستکردنی ئاژاوەو دوبەرەکی بووە لەنێوان نەتەوە براکانی کەرکوك.

دانانی تەبەقچەلی لەم پۆستە گرنگە هەڵەیەکی گەورەی سەرکردایەتی شۆڕشی تەموز بوو کەدیارە ئەویش وەك حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق ویستویەتی عەرەبێك بکاتە لێپرسراوی ناوچەی کوردنشینو کوردەکانیشی لەناوەڕاستو باشوری عیراق دەکردە لێپرسراو. بەم شێوەیە، عەمید فوئاد عارف کەکوردە کرایە موتەسەریفی (واتە پارێزگاری) لیوای کەربەلاو

نەکرایە فەرماندەی تیپی دوو یان موتەسەریفی یەکێ لەلیواکانی کوردستان[٣١]. فوئاد عارف جێی متمانەی رابەری شۆڕش عەبدولکەریم قاسم بوو، زۆریش لێی نزیك بوو، تەنانەت توانیبوی قاسم بپارێزێو نەیەڵێ تیرۆر بکرێ، کاتێك عەقید عەبدولسەلام عارف لەتشرینی دووەمی ١٩٥٨دا لەناو ئۆفیسی خۆی لەوەزارەتی بەرگری ویستی تیرۆری بکا[٣٢]. دیارە ئەگەر فوئاد عارف لەکەرکوك بوایە، رێی نەدەدا رەوشەکە بەرەو گرژیو ئاڵۆزی بچێ، هەر ئەم گرژیو ئاڵۆزیە بوو، پاشتر بوە مایەی رودانی بەسەرهاتی خوێناوی لەکەرکوك لەتەموزی ١٩٥٩دا. رەوشی کەرکوك پاش گەیشتنی تەبەقچەلی بەرەو گرژی رۆیی، چونکە تەبەقچەلی بەئاشکرا پشتیوانی لەیەکێ لەنەتەوەکانی کەرکوك دەکردو هەولی دەدا ئاگری دوبەرەکیو ناخۆشی لەنێوان نەتەوەکاندا خۆش بکات، ئەمەش لەو نوسراوە نهێنیانە دەردەکەوێ کەتەبەقچەلی پاش ماوەیەکی کەم لەگەیشتنی، بۆ وەزارەتی بەرگریی



ناردووە[٣٣]. ئەم بارودۆخە نائاسایە تەنانەت پاش خانەنشین کردنی تەبەقچەلی لەئازاری ١٩٥٩ داو دانانی فەرماندەیەکی نوێ بۆ تیپی دوو کەعەمید داوود جەنابیە، بەمەیلی چەپڕەوانە ناسرا بوو، هەر درێژەی کێشا. جەنابی پاش تێکشاکانی هەوڵە کودەتاخوازیەکەی عەقید عەبدولوەهاب شەواف لەموسڵ کرایە فەرماندەی تیپی دووی کەرکوك. شەواف خۆیشی دەستی لەگەڵ تەبەقچەلیو گروپە ناسیۆنالیستو بەعسیەکانی عیراق لەسوریا تێکەڵاو کردبوو.

پاش هاتنی جەنابی بۆ کەرکوك، سەبارەت بەکورد رەوشەکە ئاسایی بوەوە، بۆیە کورد بەئاشکرا جەژنی نەورۆزی کردو لێپرسراوەکانی شارەکەش بەشدار بون لەو ئاهەنگەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەوشی گشتی شارەکە هەر بەگرژیو نائاسایی مایەوە، روداوە سیاسیەکانی دواتریش ئەمەیان ساغکردەوە، بەتایبەتی پاش خانەنشین

کردنی جەنابی لەناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٥٩دا. دامو دەزگاکانی ئاسایشی کەرکوكو نێوەندە بەرپرسەکانی ناو وەزارەتی بەرگری رۆڵێکی کاراو کاریگەرو رونیان لەسەرلەنوێ ئاژاوەنانەوە لەنێوان کوردو تورکماندا هەبوو، ئەمەش وای کرد رەوشی کەرکوك بگەڕێتەوە دواوەو وەك زەمانی نازم تەبەقچەلی لێ بێ. بەم جۆرە کەشو هەواکە لەبار بوو بۆ روداوی ناخۆش وەك ئەوەی کە لەتەموزی ١٩٥٩دا رویدا کەبونە مایەی دروستکردنی درز لەپەیوەندی نێوان کوردو تورکماندا[٣٤]، ئەمەش بووە مایەی ئاڵۆزکردنی ئەو بارودۆخە نائاسایەو هێشتنەوەی رەوشی شارەکە بەگرژی، تیرۆرکردنی هەندێ لەکوردەکانی کەرکوکە بەهاوکاری دامو دەزگا ئەمنیەکانی شارەکە لەلایەن هەندێ رێکخراوی نهێنی تورکمانەکانەوە[٣٥]. ئەم تیرۆرکردنانە دەیانو بگرە سەدان خێزانی کوردی ناوچە تێکەڵاوەکانی شارەکەی ناچارکرد ماڵو حاڵی خۆیان بەجێ



بهێڵنو بچن بۆ شارەکانیتر، سەرباری ئەوەی کەژمارەیەکیش لەکارمەندانی کورد بۆ دەرەوەی کەرکوك گوێزرانەوە.

دوا بەدوای روداوەکانی تەموزی ١٩٥٩ی کەرکوك، وەزارەتی بەرگری بەنۆرەی خۆی چەند یەکەیەکی سوپایی تیپی دووی بۆ ناوەڕاستو خواروی عیراق گواستەوە کەزۆربەی سەربازو ئەفسەرەکانیان کورد بون، پاش ئەم روداوە، تیرۆرو تۆقاندنێکی سەخت لەدژی کورد دەستیپێکردو سەدان کەس دەستگیر کرانو زۆربەیان برانە دادگا عورفیە سوپاییەکانی بەغدا. ئەم قۆناغە بەسەرەتای سیاسەتی ناچارکردنی کورد بۆ بەجێهێشتنی کەرکوك دادەندرێ کەتێیدا چەندەها رێوشوێن بەکارهێنرا کەدامودەزگا ئەمنیەکانو رێکخراوە تیرۆریستیە نهێنیە تورکمانەکان جێبەجێیان دەکردو لەم سەروبەندەدا چەندان کەس تیرۆرکرانو چەندین دوکانی هاوولاتیانی کورد ئاگریان تێبەردرا ئەوانەش کەئەم کارانەیان کرد هیچ

بەدواداچوونێکی یاسایی لەدژیان نەکرا[٣٦]. ئەم بارودۆخە هەر بەم شێوەیە درێژەی کێشا تا حزبی بەعس بەهاوکاری هەندێ لەهێزە ناسیۆنالیستە عەرەبییەکان لەشوباتی ١٩٦٣دا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت.

**دووەم:**

## سیاسەتی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی ناوچەکە لەسەرەتای ١٩٦٣وە تا نیسانی ٢٠٠٣

پاش سەرکەوتنی کودەتای ٨ی شوبات، کورد زۆر دەستدرێژی کرایەسەرو ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن پاسەوانی نەتەوەییەوە دەستگیر کران. پاسەوانی نەتەوەیی کە بەعەرەبی پێی دەوترا (حەرەس قەومی) میلیشیایەکی چەکداری بەعسییەکان بوو کەزۆر تاوانی ئەنجامداو ژمارەیەك لەلاوانی عەرەبو تورکمانی کەرکوك بون بەئەندام تێیدا. دامو دەزگاکانی ئاسایش بەهاوکاری پاسەوانی نەتەوەیی چەندین گەڕەکی کوردنشینی ناو شاری



کەرکوکیان روخاندو دانیشتوانیان ناچار کرد شارەکە بەجێ بێڵن. پاش ئەوەی کەسوپای عیراق لە١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا هێرشی کردە سەر پێشمەرگە، تۆڵەیەکی زۆر لەکورد کرایەوە، لێرەش دیسان حکومەت هەموو گوندە کوردیەکانی دەوروبەری کەرکوكو دامو دەزگاکانی نەوتی خاپور کرد، ئەو گوندانە ژمارەیان ١٣ گوند بوو. هەروەها جوتیارانی کوردی ٣٣ گوندی دیکەش لەناحیەی دوبز دەرکران[٣٧]. جگە لەهەموو ئەم ڕێوشوێنانە، رژێم ڕێوشوێنی تریشی گرتەبەر بۆ دەرکردنی کورد لەشارەکە، لەوانە:

١- گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری کارمەندی فەرمانگە فەرمیو نافەرمیەکانی دەوڵەت بەمامۆستایانیشەوە بۆ ناوەڕاستو باشوری عیراقو هێنانی کارمەندی عەرەب لەپارێزگاکانیترەوە بۆ جێی ئەو کوردانەی کەگوێزرانەوە.

٢- گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کوردی دامودەزگاکانی نەوت یان دەرکردنیانو هێنانی کرێکارانی عەرەب بۆ جێیان، سەرەڕای نەشارەزایی کرێکارە عەرەبەکان کەزۆربەیان خێڵەکی بون.

٣- دروست کردنی ڕەبیەی عەسکەری لەسەر گردو گردۆڵکەکانی دەوروبەری کەرکوكو دام دەزگا نەوتیەکانو دانانی ئەو شوێنانە بەناوچەی قەدەغەکراوو مینرێژکردنیان.

٤- چەکدارکردنی ئەو خێڵە عەرەبانەی کە لەو گوندانە نیشتەجێ کران کەکوردیان لێ دەرکردبوو، پێکهێنانی یەکەی نیزامی لەو خێڵانەو لەخێڵە عەرەبیەکانی قەزای حەویجە بۆ پشتگیری کردنی سوپا لەهێرش کردنیان بۆ سەر گوندە کوردەکانی پارێزگاکە.

٥- گۆڕینی ناوی خوێندنگەو شەقامەکانو تەنانەت دوکانەکانیش لەناو کەرکوكو دانانی ناوی عەرەبی بۆیان، لەکاتێکدا ئەو ناوانە فریان بەسەر مێژوی ناوچەکەوە نیە.



پاش لەکارخستنی بەعسیەکان لەکودەتای ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣دا ڕژێمی جوتە برا عارف (واتە عەبدولسەلامو عەبدولرەحمان) بەشێوەیەکی سوکتر درێژەی بەهەمان سیاسەتی پێشوی بەعسیەکاندا بەڵام سیاسەتی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی شاری کەرکوك پاش هاتنەوە سەرکاری حزبی بەعس لەکودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ دوراییەکی دیکەی وەرگرتو ئەمجارە ڕژێمە تازەکە پەیڕەویی لەسیاسەتێکیترکرد بەئامانجی هێنانەدیی گۆڕانکاری لەڕوی نەتەوایەتیەوە لەکەرکوكو هاندانی هەمو دامودەزگاکانی ڕژێم بۆ پابەندبونی تەواو بەو سیاسەتە وەك سیاسەتێکی نەگۆڕی دەوڵەت. ڕژێم بۆ پاکانە هێنانەوە بۆ سیاسەتەکەی، ترسو دڵەڕاوکێی هاووڵاتیی عەرەبی زیاد کرد بۆ ئەوەی وا هەست بکات کەکەوتۆتە بەردەم هەڕەشەی کوردو مەسەلەکەی وانیشاندا گوایە کورد دەیەوێ دەستبەسەر نەوتی کەرکوکدا بگرێ کەسەرچاوەی سامانی هەموو عیراقە[٣٨].

لێرەدا ئاماژە بۆ ڕەفتارەکانی ڕژێم بەمەبەستی تەعریب دەکەین:

١- گواستنەوەی ئەوەی ماوە لەکارمەندە بچوکەکانو کرێکارە کوردەکانی هەموو کەرتو دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ دەرەوەی کەرکوکو هێنانی عەرەب لەجێی ئەوان، هەر کوردێك کە کەرکوکی بەجێ دەهێشت، چ کارمەند بوایە چ کرێکار، ڕێیان نەدەدا بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی، تەنانەت پاش خانەنشینکردنی یان وازهێنانی لەئیشەکەی لەبەر هەر هۆیەك بێ[٣٩].

٢- گۆڕینی ناوی گەڕەکە کوردییەکان بەناوی عەرەبی، دور لەکەلتوری ناوچەکەو پڕە لەئاماژەی ناسیونالیستانەی عەرەبچێتی، هەروەها ناوی هەموو ئەو خوێندنگەو دوکانانەی کەناوی عەرەبییان نەبوو، دەستکاری کرانو ناوی عەرەبییان بۆ دانرا.



٣- کردنەوەی شەقامی پانوپۆڕ لەگەڕەکە کوردنشینەکانو (إستملاك) کردنی خانووەکانیان بەپارەیەکی کەمو ڕێ نەدان بەخاوەنی ئەو خانووانە بۆ کڕینی زەویو زارو خانوی دیکە لەناو کەرکوك بۆ ئەوەی ناچار بن کەرکوك بەجێ بێڵن.

٤- ڕێنەدان بەکورد بۆ فرۆشتنی خانوو، زەوی زاریان بەغەیرە عەرەبو قەدەغەکردنی کڕینی هەر خانوو و زەویو زارێك لەلایەن کوردەوە.

٥- مۆڵەت نەدان بەکورد لەلایەن شارەوانیەوە بۆ دروستکردنی خانوو یان چاککردنەوەی خانوو بەهیچ جۆرێك.

٦- دروستکردنی چەندین کارگەو دامەزراندنی دامودەزگای حکومی لەو ناوچەیەی کەرکوك کەهەزار خێزانی عەرەبی تێدا نیشتەجێکرا، بەتایبەتی لەنزیك ڕێگای کەرکوك - حەویجەو دروستکردنی خانوو بۆ ئەو

کرێکاره عەرەبانەی کە لەناوەڕاستو باشوری عیراقەوە بۆ کەرکوك هێنرابون.

٧- گواستنەوەی بارەگای پارێزگا لەبینا کۆنەکەی بۆ ناوچە تەعریبکراوەکەی شارەکە لەسەر رێگای کەرکوك - بەغداو گواستنەوەی زۆربەی فەرمانگە فەرمیەکانیترو بارەگاکانی رێکخراوە پیشەییەکانو سەندیکاکانی بۆ ناوچەی ناوبراو.

٨- نیشتەجێکردنی دەیان هەزار عەرەب لەوانەی لەناوەڕاستو باشوری عیراق هێنرابون لەشاری کەرکوك. ئەم عەرەبانە گروپ گروپ هێنرانو لەوێ ئیشو خانویان بۆ دابینکرا.

٩- هاندانی کورد بۆ چۆڵکردنی کەرکوك، لەم بارەوە، رژێم لەچەند بڕیارێکدا رایگەیاند کەئامادەیە پارەیەکی دیاریکراو بەو خێزانانە بدات کە کەرکوك بەجێ دێڵنو لەناوچەی ئۆتۆنۆمی یان لەناوەڕاستو باشوری عیراق (جگە لەتکریتو دیالەو بەغدا) خانویان بۆ دابین دەکات.



پاشان لەڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا بڕیاری ژمارە ١٣٩١ی دەرکرد کە بەهۆیەوە لیژنەیەکی بۆ مشورخواردنی مەسەلەی گواستنەوەی بێکارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێکهێناو ویستی دانیشتوانی کەرکوکیش بۆ ناوەڕاستو باشوری عیراق بگوازێتەوە.

١٠- دروستکردنی چەندەها گەڕەکی تازە لەناو شاری کەرکوك بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان تێیدا[٤٠]. ئەم گەڕەکانە زۆر لەو گەڕەکە ئیسرائیلیانە دەچن کەئیسرائیل لەخاکی داگیرکراوی فەلەستینیەکاندا دروستیکردووە. عەرەبە هاوردەکانی کەرکوك ئەو مافانەیان هەبو کەجولەکە هاوردەکانی ئیسرائیل لەخاکی فەلەستینیەکان هەیانبوو وەك مافی چەك هەڵگرتنو وەدەستهێنانی خانوو و دۆزینەوەی کار. ئەمەش وای لێ کردن بەچاوێکی سوکەوە سەیری دانیشتوانە رەسەنەکە بکەن چونکە هاوردەکان ئامرازی نیشتەجێبوون لەناوچەکەدا. نیشتەجێبووە تازەکان جگە لەهەمو ئەم

مافانه، لەلایەن رژێمەوەو بۆ خۆپاراستن ئەو مافانەی بۆ دەستەبەر کرابوو کەچەك هەڵگرن‌و بەم پێیە زۆربەیان چەکیان هەڵگرت، زۆربەی ئەم عەرەبە هاوردانە (ئەم ناوەش ناوێکی فەرمیەو دەوڵەت خۆی بۆی هەڵبژاردون) لەدام‌و دەزگاکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و هەواڵگری‌و دام‌و دەزگا نەوتیەکان‌و دامەزراوو کارگە حکومیەکان دامەزران. بەشێکی زۆری سەربازو ئەفسەرانی سوپاش لەو خانووە تایبەتانە نیشەجێ‌کران کە لەناو کەرکوك‌و لەدەوروبەری لەنزیك یەکە سەربازیەکانی فەیلەقی پێنج‌و سەربازگەی خالد بەتایبەت بۆیان دروست کرابوو.

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١ رژێم زەوی بۆ دروستکردنی خانوبەرە بەسەر وەجبەیەکیتری سەربازو ئەفسەرانی سوپا لەکەرکوك دابەشکردو لەبانکی خانوبەرە کارئاسانی بۆ کردن تاکو خێرا خانوی لەسەر دروست بکەن. ئەو گەڕەکانەی کەڕژێم لەساڵانی سەرەتای حەفتاوە لەناو شاری کەرکوك دروستیکردون بریتین لەگەڕەکی کەڕامە لەنزیك



ڕێگای گشتی نێوان کەرکوك‌و سلێمانی(٤١)، گەڕەکی موسەننا لەسەر ڕێی گشتی کەرکوك- یاروەڵی لەنزیك جبەخانەکانی تیپی دوو لەباکوری شاری کەرکوك، گەڕەکی شەهیدانی قادسیەی سەددام لەنزیك گەڕەکی کەڕامە، گەڕەکی ئەندەلوس لەسەر ڕێی گشتی کەرکوك- هەولێر، گەڕەکی بەعس، گەڕەکی واستی، گەڕەکی سکەك، گەڕەکی غەرناتە، گەڕەکی حەججاج، گەڕەکی عروبە، گەڕەکی شورتە، گەڕەکی قوتەیبە، گەڕەکی ئەمن، گەڕەکی وەحدەو گەڕەکی حوڕییە. جگە لەمانە، رژێم هەزار خانووی تری لەگەڕەکی عەرەفە بۆ کرێکارە عەرەبە هاوردەکان دروستکرد ئەوانەی کە لەکۆمپانیای نەوتی باکور بەکار هێنران، هەروەها چەند سەد خانویەکی دیکەی بۆ ئەو کرێکارە عەرەبە هاوردانە دروستکرد کە لەگارگەی گۆگردو پاڵێوگەی نەوتی سەر ڕێگای کەرکوك- دوبز ئیشیان دەکرد. رژێم دەوروبەری شاری کەرکوکی کردە بنکەیەکی سوپایی مەزن‌و سەدان خانوی تێدا بۆ

ئەفسەرەکانو سەدان خانوی تری بۆ سەربازەکان دروستکرد ، بەتایبەتی لەنزیك سەربازگەی خالدو بارەگاکانی تیپەکانی سوپاو فەیلەقی پێنج[٤٢]. لێرەدا هەر دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کەرژێم قەڵا مێژویەکەی کەرکوکی کردە قەڵایەکی سوپاییو هەمو خانوبەرەو مزگەوتەکانو کەنیسە کۆنەکەی ئەم قەڵایەی روخاند.

رژێم لەساڵی ١٩٦٣وە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی خۆی لەدژی کورد دەستپێکردو لەسەرەتای حەفتاکاندا زۆر بەسەختی پێی لەسەر جێبەجێکردنی داگرتو لەسەرەتای هەشتاکاندا ئەم سیاسەتەی لەدژی تورکمانەکان بەکار هێناو سەبارەت بەئاشوریو ئەرمەنەکانیش ئەوا زۆر بەئاسانی بڕیاریدا کەبەعەرەب بژمێردرێن. جا بۆ ئەوەی شەرعیەت بداتە پرۆسەکانی نیشتەجێکردنی دەیان هەزار خێزانی عەرەب لەکەرکوك، تۆمارەکانی باری کەسێتی دەستکاری کرد ، ئەوانەش ئەو تۆمارانەن کەپشت ئەستورن بەسەرژمێری فەرمی ساڵی ١٩٥٧ ، ئەوەش



بەوەی کەناوی عەرەبە هاوردەکانی خستە ناو ئەو تۆمارانە بۆ ئەوەی وەهایان نیشان بدا وەك ئەوەی ئەوانە پێش هاتنیان بۆ کەرکوك ناویان لەتۆمارەکاندا هەبووە، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، هەموو کارمەندە غەیرە عەرەبەکانی فەرمانگەی باری کەسێتی کەرکوکی لابردو کارمەندی بەعسی لەجێیان دانا کە بەتایبەت لەناوچەکانیتری عیراق هێنرابون. بەم چەشنە، دەوڵەت خۆی کەوتە ئەنجامدانی ساختەکاری بەشێوەیەکی فەرمی بەمەبەستی هێنانەدیی هەندێ ئامانجی سیاسی ناڕەوا. بەهەمان شێوە، رژێم ناوی مێژویی کەرکوکی گۆڕیو ناوی پارێزگاکەی کردە پارێزگای تەئمیم لەساڵی ١٩٧٦ ئەویش پاش خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی عیراق لەحوزەیرانی ١٩٧٢دا.

هەروەها رژێم روبەری پارێزگاکەی بچوك کردەوە چونکە چوار قەزای لێ قرتاندو دای بەپارێزگا دراوسێکان بەمەبەستی بەکەمینەکردنی کورد لەپارێزگای کەرکوك.

بەجۆرە لەساڵی ١٩٧٦دا قەزای توزخورماتوی بەپارێزگای سەلاحەددینەوە لکاند. لەکاتێکدا کەتوزخورماتو لەسەلاحەددینەوە دورە، کەچی قەزای حەویجەی پێوە نەلکاند، ئەگەرچی لەسەلاحەددینەوە نزیکترەو زۆربەی دانیشتوانەکەشی عەرەبن. هەروەها هەردو قەزای چەمچەماڵو کەلاری بەپارێزگای سلێمانیەوە لکاندو قەزای کفری بەپارێزگای دیالەوە، رژێم ناحیەیەکی تازەی لەقەزای داقوق بەناوی ناحیەی رەشاد داهێناو دەستکاری سنورە کارگێڕیەکانی هەموو قەزاو ناحیەکانی سەر بەپارێزگای کەرکوکی کرد بەمەبەستی بەکەمینەکردنی کورد لەیەکە کارگێڕیەکانداو هاوکاتیش گوڕوتینێکی زۆری بەپرۆسەی نیشتەجێکردنی عەرەب لەکەرکوکو دەوروبەری داو گۆڕانکاریەکی دیموگرافی قوڵی بەسەریاندا هێنا تاکو روخساری عەرەبانە بەسەریاندا زاڵ بێ.

رژێم ژێرخانی هەموو ناوچەی لادێی وێرانکرد کەنەیتوانی لەسۆنگەی هۆی ئەمنیەوە عەرەبی تێدا



نیشتەجێ بکاو[٤٣] هەمو گوندەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتو باکوری پارێزگای کەرکوکی تێکوپێکداو خەڵکەکەشی ناچارکرد چۆڵیان بکەنو لەچەند کۆمەڵگەیەکدا بژین کە بەتایبەتی بۆیان دروستکرابوو لەلایەن دامو دەزگاکانی ئاسایشەوە بەڕێوەدەبران. کاتێک رژێم لەساڵی ١٩٨٨دا ئۆپەراسیونەکانی ئەنفالی جێبەجێ کردو ژمارەی قوربانیانی ئەم کردەوەیە گەیشتە زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەس، بەرکەوتی ناوچەی کەرکوکو دەوروبەرەکەی لەنیوەی ئەم ژمارەیە زۆرتربوو، چونکە خەڵکی ئەم ناوچانە ناوچەکەیان لەچاو ناوچەکانیتر لەسنورەوە دور بوو ناچار بوون خۆیان بەدەستەوە بدەنو پاش ئەم خۆبەدەستەوەدانە کاربەدەستە سوپاییو ئەمنیەکان هەمویان ناردنە باشوری عیراق بۆ سەر سنوری عیراق - سعودیەو لەوێ لەبیابانندا زیندە بەچاڵکران[٤٤]. رژێم درێژەی بەسیاسەتی تەعریبی کەرکوکو دەوروبەری داو لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان بێدەنگیەکی تەواو لەم روەوە هەبوو، ئەگەرچی کردەوە

ڕەگەزپەرستیەکانی ڕژێم زۆر لەکردەوە ڕەگەزپەرستیەکانی زۆر ڕژێمیتر کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تۆمەتبار کرابون، بێ بەزەییترو قێزەونتر بون. بەمجۆرە، کەرکوك لەسەرەتای هەشتاکانەوە بەهۆی هێنانی عەرەبی هاوردەوە ڕوخساری ئاسایی خۆی لەدەستدا، چونکە ئەم عەرەبە هاوردانە دەستیان بەسەر دامو دەزگاکانی بەڕێوەبردنو ئاسایشو هەواڵگریو دامودەزگا ئابوریو ڕێکخراوە پیشەییە جیاوازەکاندا گرتو زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی پارێزگاکەیان بۆ خۆیان برد، بۆیە دەبینین لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەشارەکەو ناوچەکەدا پەیدا بون کەفڕیان بەسەر شارو ناوچەکەوە نیەو لەهەمو شوێنێکدا دەستیان دەڕوا، لەکاتێکدا کەخەڵکی ڕەسەنی شارەکەش بوون بەبێگانەو کەوتنە ژێر ستەمو چەوسانەوەو لەلایەن عەرەبە هاوردەکانەوە بەچاوێکی سوکەوە سەیردەکران[٤٥].



ڕژێم پاش تێکشکانی لەجەنگی دووەمی کەنداو، هەڵایسانی ڕاپەڕین لەئازاری ١٩٩١ لەباشوری فوراتی ناوەڕاستو کوردستان، ڕەفتارە سەرکوتکەرەکانی خۆی لەدژی خەڵکی کەرکوك توندوتیژتر کرد. عەلی حەسەن مەجید وەزیری بەرگریو سەرپەرشتیاری کەرتی باکور لەو سەردەمەدا، لەترسی هەر جموجوڵێك لەناو کەرکوك تەگبیری زۆر سەختی پیادە کرد. سەرەتا فەرمانیدا کەزێدەتر لەسی هەزار هاووڵاتی کوردی کەرکوك بگیرێن، لەناویاندا ژمارەیەکی زۆر سەربازی مۆڵەتدار هەبوو. گیراوەکان بەشێکی زۆریان بەهۆی کۆکردنەوەیان بەو ژمارە زۆرە لەشوێنی تەنگەبەرو ناتەندروست گیانیان لەدەستداو لەو ماوەیەی کەلەوێ گیرابون نە ئاویان پێشکەش کرا نە خواردن، لەکاتێکدا کەزۆربەیان بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە بەڕۆژوو بون، هەر لەو ماوەیەشدا عەلی حەسەن مەجید فەرمانی ڕوخاندنی دەیان خانویدا لەگەڕەکی جنگلاوە کەکوردی لێ دەژیو هەروەها لەگەڕەکی عەرەسە

لەنزیك ناوچەی گاورباغی کەکوردو تورکمانی لێ دەژی. دوا بەدوای رزگارکردنی زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان لەدوو هەفتەی یەکەمی مانگی ئازاری ١٩٩١دا، ترس‌و دڵەڕاوکێی کاربەدەستانی رژێم پەرەیسەند، بۆیە کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربونەوەو بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك کەدەشێ پێشمەرگە بیکاتە سەر شاری کەرکوك. لەو کاتەدا هێزەکانی کورد بەرەو کەرکوك پێشڕەوییان کردبوو، لەباکورو رۆژهەڵاتدا دەورەیان دابوو. پاش شەڕێکی سەخت کەشەقام بەشەقام لەناو کەرکوك ئەنجام دراو چەند رۆژێکی خایاندو رژێم موشەك‌و تۆپخانەو راجیمەو هەلیکۆپتەری تێدا بەکار هێناو گەڕەکە کوردنشینەکانی کوتا، هێزی پێشمەرگە توانی کەرکوك رزگار بکا، بەڵام ئەمە تەنها چەند رۆژێکی خایاند.

لەبەر بایەخی کەرکوك بۆ رژێم‌و لەبەر ئەوەی کەرکوك لەمپەرێکی ئەمنیە بۆ ناوچەکانی تکریت‌و بەغدا، رژێم زۆر پەرەی بەئامادەیی سەربازیی خۆیداو لەگەڵ گروپی



مجاهیدین خەلقی ئێران هەماهەنگی کردو ئەم گروپە وەك جاش هەڵسوکەوتی کردو زۆر دڕندانە بەرگری لەرژێم کرد. چەند مەفرەزەیەکی ئەم گروپە چەکدارە بەجلی پێشمەرگەوە دزەیان کردە ناو شاری کەرکوك‌و بۆ ماوەی سێ رۆژی یەك لەدوای یەك لە ٢٧ی ئازاری ١٩٩١ەوە شارەکە بەچەندین جۆر لەچەکی قورس بەسەختی بۆردومان کرا، لەئاکامدا دانیشتوانی کەرکوك ناچار بون بەجێی بهێڵن‌و هەر چیەکیان هەبوو لەوێ بەجێیانهێشت، بۆیە کاتێك هێزەکانی کۆماندۆو عەرەبە هاوردە راکردوەکان هاتنەوە بۆ کەرکوك، یەکسەر دەستیان بەتاڵان‌و دزییەکی زۆر کردو هەمو موڵك‌و سامانی کەرکوکیەکانیان بۆ خۆیان برد.

زۆر لەو کوردو تورکمانەی کە بەناچاریەوە کەرکوکیان بەجێ هێشتبوو، لەترسی بۆردومان‌و هەڵسوکوتی دڕندانەی هێزەکانی رژێم، نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك. بۆیە شکستی راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بوو بەهۆیەکی دیکەی کۆچڕەوی کەرکوکیەکان، بەتایبەتی

گەنجەكانی كە بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداریان لەڕاپەرینەكەدا كردبوو.

پاش گەڕانەوەی دامودەزگا ئەمنیەكانو رێكخراوە حزبیەكان لەسەرەتای نیسانی ١٩٩١دا، خەڵكی كەركوك دوچاری شاڵاوێكی دڕندانە بونەوەو لەم شاڵاوەدا چەندین خانوو لەگەڕەكە كوردنشینەكان تێكوپێك دران و ژمارەیەكی زۆری لاوانی كوردیش بەتۆمەتی بەشداریكردن لەڕاپەڕین گیران، بۆیە ژمارەیەكی زۆری گەنجەكان رایانكردو لەناوچەكانیتری كوردستان گیرسانەوە، رژێم ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەكرد كە لەكاتی وتووێژدا لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩١دا بەنوێنەرانی بەرەی كوردستانی دابوو و تێیدا رازی ببوو خەڵكی ئاوارەی كەركوك بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵو حاڵی خۆیان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەرەتای شاڵاوێكیتری دەركردنو راگواستن بوو كەڕۆژ بەڕۆژ توندتر دەبوو، بەپێی ئەو ئامارانەی كەڕێكخراوە كوردیو جیهانیەكانی تایبەت



بەچاودێریكردنی رەوشی مافی مرۆڤ بڵاویان كردۆتەوەو هەروەها بەپێی زانیاری ئەو سەنتەرانەی كە لەناوەوەو دەرەوەی كوردستان بۆ بەرگری لەمافی دەركراوو راگوێزراوەكانی كەركوك پێكهێنرابون، رەوتی دەركردنی كەركوكیەكان لەكەركوك پاش شكستی وتووێژی نێوان رژێمو بەرەی كوردستانیو كێشانەوەی دامو دەزگا كارگێڕیەكان لەسێ پارێزگاكەی سلێمانیو هەولێرو دهۆك لەتشرینی یەكەمی ١٩٩١، زۆر لەجاران توندوتیژ بوو.

لەماوەی ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٥و ١٩٩٦و بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لەكاتی خۆئامادەكردنی رژێم بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، شاڵاوی دەركردنی كورد لەكەركوك زۆر پەرەی سەند[٤٦]. رژێم هانای بۆ شێوازێك برد كەتەنانەت لەدەوڵەتە رەگەزپەرستەكانی وەك باشوری ئەفریقیای جارانیش هانای بۆ نەبراوە، ئەویش بەوەی كەداوای لەكورد كرد ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕنو بەعەرەب خۆیان ناونوس بكەن،

بۆ ئەم مەبەستە مانكێتی تایبەتی سازكرد كەتێیدا خانەیەك هەبوو سەرۆكی خێزان ئەوەی تێدا دەنوسی گوایە ئەوان لەسەر ژمێرەكانی پێشوودا بەهەڵە بەكورد ناونوس كراون[٤٧]. رژێم هەڕەشەی دەركردنی لەهەمو ئەو كەسانە كرد كەڕازی نابن ئەو مانكێتانە پڕ بكەنەوەو پێش ئەوەی دەست بەسەرژمێری ١٩٩٧ بكرێ، رژێم گوشارەكانی بۆ سەر كورد چڕ كردەوە، بۆیە ئەم سەرژمێریە زۆر لەسەرژمێریەكەی ساڵی ١٩٧٧ ساختەكارتر بوو[٤٨]. رژێم تەنانەت پاش ئەنجامدانی سەرژمێریەكەش هەر درێژەی بەرەفتارەكانی خۆیدا. یەكێ لەكاربەدەستە گەورەكانی رژێم كەعیززەت ئیبراهیم دوری جێگری سەرۆكی كۆمار بوو كە لەهەمان كاتدا سەرپەرشتیاری پرۆسەی تەعریبكردنی كەركوك بوو، لەوتارێكدا رایگەیاند كەتەنها عەرەبەكان بۆیان هەیە لەكەركوك بمێننەوە[٤٩]. رژێم لەمەش دورتر رۆیی‌و چەند ساڵێك پێش روخانی، نەیهێشت تەرمی عەرەبە شیعە هاوردەكان ببرێتە



شاری نەجەف‌و لەوێ بیاننێژن، كەسوكاری كۆچكردووەكانی ناچار كرد لەكەركوك تەرمەكانیان بنێژن، بۆ ئەوەی كەركوك گۆڕستانێكی بۆ عەرەب لێ بێ‌و و تەنها كوردو توركمان گۆڕستانیان لەو شارە نەبێت، چونكە ئاشكرایە كە كەركوك تەنها گۆڕستانی كوردو توركمانی لێیە.

بەپێی ئامارەكان ژمارەی كەركوكیە دەركراوەكان بۆ قەڵەمڕەوی هەرێمی كوردستان لە ١٢٩ هەزار كەس تێپەڕیوە كەزۆربەیان خەڵكی شارەكەن‌و پاش ئەوەی كەبون بەئاوارە لەناو چادرو كۆمەڵگەكاندا ژیانێكی فرە ناخۆشیان بەسەر برد كەسادەترین پێداویستیەكانی ژیانی تێدا دەستەبەر نەكرابوو، ئەوانە زۆربەیان لەسەر كۆمەك‌و باربوی رێكخراوە مرۆییەكان دەژیان. بەرامبەر بەم ژیانە كولەمەرگەیەی تێیدا دەژیان، كەچەندان ساڵی خایاند، بەشێكی زۆر لەوانە كەوتنە هەوڵدان بۆ خۆگەیاندن بەرۆژئاوا بەشێوەی نایاسایی‌و هەندێكیان لەرێگادا ژیانیان

لەدەستداو هەندێکیتریان تا گەیشتنە یەکێ لەدەوڵەتە ئەوروپیەکان هیچ شتێکیان پێ نەمابوو. جێی داخە کەکۆمەڵی نێودەوڵەتان خۆی لەئاست نەهامەتی ئەو دەرکراوانە کەڕ کردو هیچ گوشارێکی نەخستە سەر رژێمی پێشو بۆ راگرتنی شاڵاوی دەرکردن کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەوانەی کەعیراق خۆی پێوە پابەند کردبوو، رێك نەدەکەوت، هەروەها جێی داخە کەزۆربەی زۆری لایەنە سیاسیە عیراقیەکان خۆیان لەهەڵسوکەوتی رژێمی پێشو بێئاگا کردبوو. پاش دەرچونی دەستوری عیراق کەماددەی ١٤٠ی لەخۆ گرتووەو ئەم ماددەیە لەبڕگەکانیدا چۆنێتی نەهێشتنی شوێنەواری تەعریب لەناوچەی کەرکوك دیاریدەکا، هێشتا حکومەتی عیراق سیستی دەنوێنێ لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی کە لەدەستوردا دەستنیشان کراون کەدیارە ئەمەش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب.



لەچاپی دووەمی کتێبی "ناوچەی کەرکوكو هەوڵەکانی گۆڕینی روخسارە نەتەوەییەکەی" کەساڵی ١٩٩٩ دەرچوو، هاتووە "مرۆڤ خۆی بە بەختەوەر دەزانی لەو شوێنەدا بژی کەپێی وایە تایبەتمەندیو مێژویی بەدرێژایی رۆژگار بەمیرات بۆ هێشتۆتەوە. مرۆڤ دەتوانێ ببورێ بەڵام قەت ناتوانێ لەبیری خۆی بەرێتەوە چونکە لەبیرچونەوە لەتوانای مرۆڤدا نیە. هیوادارین ئەو کەسانەی کەپاش هەرەسهێنانی رژێمی دکتاتۆری ئێستا دەسەڵات دەگرنە دەست، پەی بەم راستییە ببەن بۆ ئەوەی شکست بۆ خۆیانو وێرانییەکی زۆرتر بۆ وڵاتەکەیان بەدەست نەهێنن". ئەوەی کەدە ساڵ لەمەوبەر لەو کتێبەدا باسی نکردووە، دیسان باسیدەکەینەوەو داوا لەدەسەڵاتدارانی نوێی عیراق دەکەین بەجیددی بکەونە کار بۆ راماڵینی شوێنەواری سیاسەتە قێزەونەکەی رژێمی روخاوو جێبەجێکردنی ئەرکە دەستورییەکانی خۆیان، بۆ پاراستنی ئایندەی عیراقو

**بەرژەوەنـــدی گەلەکـــەی کەســـاڵەهای ســـاڵە نەهامـــەتیو مەینەتیو چەرمەسەری دەچێژێ.**



## سەرچاوەو پەراوێزەکان

**[١] - میرنشینی ئەردەڵان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵی ٦١٧ی کۆچیدا دامەزرا. ئەم میرنشینە زۆر بەهێزو بەناوبانگ بوو، سـنوری لەهەندێ قۆناغدا ناوچـەی کـەرکوکی گرتۆتـەوە، سـاڵی ١٢٨٤ی کۆچی ئەم میرنشینە کۆتـایی هـات، میرنشـینی بابـانیش لەسـاڵی ١١٠٦ی کۆچیدا دامەزراو پایتەختەکەی لەقەڵاچوالان بـوو پاشـان ئیبراهیم پاشای بابان لەساڵی ١١٩٩ی کۆچیدا کەدەکاتە ١٧٨٤ی زاینی، شاری سلێمانی دروستکردو کردی بەپایتەختی میرنشـینەکە. ساڵی ١٣٦٧ی کۆچـی (١٨٥١ی زاینـی) میرنشـینەکە کۆتـایی هاتو کەوتە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانیەکان، لـەم بارەیـەوە بڕوانە: محمد امین زكي، تاريخ الـدول والامـارات الكرديـة في العهـد الاسلامي، ترجمة محمد علي عوني، الطبعة الثانيـة، لنـدن، ١٩٨٦، ص ٢٧٦- ٢٩١و ص ٤١٦- ٤٢٢.**

**[٢] - شـێخ رەزای تاڵـەبانی لەشـاعیرە گـەورەکانی کوردسـتانە بەگشتیو کەرکوك بەتایبەتی. کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان تاڵـەبانیی**

ناسراو بەخالیسە کەیەکێ لەشێخە گەورەکانی سۆفیگەری بوو لەکوردستانو لەدیارترین زانایانو هۆزانڤانەکانی کەرکوکە لەسەدەی نۆزدەهەمدا، دیوانەکانی شێخ رەزا بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٥دا بەزمانی کوردیو فارسیو تورکیی لەبەغدا چاپ کران بەڵام دیوانەکە کەموکوڕی هەبوو. پاشان چەند جارێك دیوانەکەی چاپ کرایەوە لەوانە چاپی ساڵی ١٩٤٦ی بەغدا بەسەرپەرشتیی نەوەکەی، پارێزەر عەلی تاڵەبانی. هەروەها چاپێکی سێیەمی هەیە لەئێرانو چاپێکی تر لەسوید لەساڵی ١٩٩٦ کەئەمانەش هەمان چاپی ساڵی ١٩٤٦ بون، چاپی پێنجەمیش هەیە کە هی سلێمانیە لەساڵی ١٩٩٩و چاپێکی تر لەهەولێر ساڵی ٢٠٠٠و چاپێکیتری حەوتەم دیسان لەهەولێر ساڵی ٢٠٠١. تا ئێستا زۆر توێژینەوە دەربارەی ئەم شاعیرەو شیعرەکانی نوسراون کەهەندێکی بەزمانی ئینگلیزییە وەك توێژینەوەکەی جەی سی ئیدمۆندس. هەروەها لە ٢ی ئایاری ٢٠٠١ ماستەرنامەیەك بەنێونیشانی شیعری جنێو لەلای شێخ رەزای تاڵەبانی بە بەراورد لەگەڵ ئیبنولرومی گفتۆگۆی لەسەر کراو ئەم ماستەرنامەیە لەلایەن بەڕێز هاوکار رەوف محەمەد ئەمینەوە لەکۆلێجی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی ئامادە



کراوە. لەم بارەیەوە بڕوانە هەفتەنامەی "ئەلئیتتیحاد" ژمارە ٤١٩ی رۆژی ٤ /٥ / ٢٠٠١.

٣- شیعرەکە دەڵێ:

لەبیرم دێ سلێمانی کەدارولمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
(دیوانی شێخ رەزا، چاپی ١٩٤٦، بەشی کوردی)

٤- لەسەردانەکەیدا بۆ گوندی بریفکان شاعیر لەهۆنراوەیەکدا بەزمانی فارسی وتویەتی:

عزم دیار روم جو کردم از شهرزور
افتاد در دیار بریفکان مرا عبور
(دیوانی شێخ رەزا، چاپی ١٩٤٦، بەشی فارسی)

٥- بریفکان گوندێکە لەپارێزگای دهۆك. شێخ نورەددینیش کوڕی شێخ عەبدولجەباری کوڕی شێخ زەینولعابیدینی کوڕی شێخ شەمسەددین ناسراو بەقوتبە کەساڵی ١٢١٨ی کۆچی لەگوندی بریفکان کۆچی دوایی کردووە.

٦- شاعیر لەبەیتێکدا بەتورکی دەڵێ:

موصل اولدی ولایت، نافع افندی والی
ویل لکم رعیه، کول باشوه اهالی

بڕوانە: عەتا تەرزی باشی محامی، شاعیرەکانی کـەرکوك، بەشـی دووەم، چاپخانەی جمهورییەت، کەرکوك، ١٩٦٨، ل ١٤٤ (بەزمانی تورکمانی).

٧- شەمسەددین سامی، فەرهەنگی ئەعلام، چاپخانەی مەهران، ئیستانبول، ١٣١٥ك /١٨٩٨ز (بەزمانی تـورکیی عوسمـانللی). هەروەها بڕوانە: الدکتور هلکوت حکیم، کرکوك مدینة النار والنور، گۆڤاری عەرەبی- کوردیی چریکە، لەندەن، ژمارە ٣، ئابی ١٩٨٤، ص ١٤و دواتر.

٨- عبدالمجیـد فهمـي حسـن، دلیـل تـاریخ مشـاهیر الالویـة العراقیة، الجزء الثاني الخاص بلـواء کرکـوك، مطبعـة دجلـة، بغـداد، ١٩٧٤، ص ٢٨٤.

لەم کتێبەدا سەرۆکی بنەماڵـەی نەفتچـی، خوالێخۆشـبو نـازم ساڵح پاشا نەفتچی دەڵێ رەچـەڵەکی بنەماڵەکـەی دەچـێتەوە سـەر "خێڵێکی تورك لەئاسیای بچوك (ئەنادۆل)و پاشـان هەنـدێ کـەس لەو بنەماڵەیە کۆچیان بۆ عیراق کردو باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیـە قەهرەمان ئاغایە کەچاوگەکانی نەوتی کەرکوکی دۆزییەوەو دەسـتی بەسەردا گرتن و هەروەها دەستی بەسەر زەوی دەوروبەریشدا گرت".

٩- عبدالمجید فهمي، المصدر السابق، ص ٢٤٨.



لەم کتێبەدا لەلاپەڕە ٣٠١دا باسی بنەماڵەی ئاوچی کراوە.

١٠- ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلامی (بـەزمانی فەرەنسـی)، بەشـی پێنجـەم. ئـەوەی لـەم کتێبـەدا دەربـارەی کـەرکوك بڵاوکراوەتـەوە، رۆژهەڵاتناس گرامەرز نوسیویەتی پاشان تۆما بوا بەر لەوەی چـاپی بکاتەوە تێبینیی گرنگی خستۆتە سەر، ل ١٤٧.

١١- هەمان سەرچاوە.

١٢- هەمان سەرچاوە.

١٣- بـەپێی هەنـدێ لەدیکۆمێنتـە نهێنیـەکانی بـەریتانیا، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا فەرمانـدەی هێزەکـانی ئاگـادار کردبـۆوە کەنابێ هێزەکـان بـەرەو بـاکور رووەو ویلایـەتی موسـڵاْ هەڵکشـێن. یاداشـتێکی نهێنـی رۆژی ١٤ی ئـازاری ١٩١٥ کەسـێر ئارسـەر هێرتزل لێپرسراوی بەشی سیاسیی وەزارەتی دەرەوەی بـەریتانیا واژۆی کردوە دەڵێ "نابێ بـەهیچ شـێوەیەك لـەزنجیرەی چـیاکانی حـەمرین بەولاوە هێزەکان بڕۆن چونکە ئەمە دەبێتە مایەی دروستبونی کێشـە لەگەڵ دانیشتوانی کوردی ناوچەکەدا". لەم بارەیەوە بچۆرەوە سەر:
Briton Cooper Bush, Britain, India and Arabs, p. 40, and Marian Kent, Oil and Empire, p. 120.

لەمەوبەر بەریتانیاو فەرەنسـا بـەپێی رێککەوتنـە نهێنیەکـەی سایکس پیکۆوە لەسەر ئەوە لەگەڵ یەکتریدا رێککەوتبون کەهەردو

ویلایەتی بەغداو بەسـرە بـۆ بـەریتانیا بـن‌و ویلایـەتی موسـڵ بـۆ فەرەنسا بێ کەئەمەش بـەم مانایـە دێ کەئـەم دوو دەوڵەتـە وەهـا سەیری عیراقیان نەکردوە کەیەك قەوارەیەو سـنورەکەی ئـەو سـنورە سیاسییەی ئێستایە. لەم بارەیەوە بچۆرەوە سـەر ئـەو توێژینەوەیـەی کەئێمە لەکۆنفرەنسە یاسابییەکەی مانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٩٩ی دامەزراوەی ئەحمەد بۆ لێکۆڵینەوەی کوردۆلۆجی لەواشنتن پێشکەشمان کردووەو دواتر لەم سەرچاوەیە بڵاو کرایەوە:

An Analysis Of The Legal Rights Of The Kurdish People, Nouri Talabnny, Sonthern Kurdistan in International Law, Virginia, USA 2000, P 96.

١٤ [illegible] Ibid, P. 97.

[illegible]

Iraq, Oxford, 1925, P. 312. Helmut Mezcher

Imperil Quest For Oil, Iraq, 1910- 1928, Qxford, ١٩٧٦, [illegible]. ٧٦.

هـەروەها بچـۆرەوە سـەر کتێبەکـەمان " ناوچـەی کـەرکوك‌و هەوڵەکانی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی" بەزمانی عـەرەبی، چـاپی دووەم، لەندەن، ١٩٩٩، ل ٤٧و ٤٨.



١٦- کۆمیسیونە نێودەوڵەتیەکە ریفراندۆمێکی روکەشی لەنێو گەورە پیاوان‌و موختارەکانی ویلایەتەکە کـردو لـەم بارەیـەوە چـەند پرسیارێکی لێ کردن‌و وەڵامەکانی ئەوانەی کردە بنەما. بڕوانە:

د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، مطبعة اشبيلية، بغداد، ١٩٧٧، ص ٦.

١٧- د. نوري الطالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، المصدر السابق.

١٨- توێژینەوەکەمان کە لەسـیمیناری پەرلـەمانتاری پـارتی سەوزەکانی فەرەنسا لەپەرلەمانی فەرەنسا لە ٥ی شوباتی ٢٠٠١ پێشکەشمان کردو تایبەت بوو بەئاسەواری گەمارۆی ئـابوری لەسـەر عـێراق‌و رەوشـی مـافی مـرۆڤ لـەعیراق. ئەمـەش ناونیشـانی لێکۆڵینەوەکەیە:

La Politique de Iaarabization De Ia Region De Kirkuk Par Ies Rwgimes Irakiens.

لێرە دەمەوێ ئەوە بۆ مێژوو تۆمـار بکـەم کـە لەخوالێخۆشـبوو تۆفیق وەهبیم بیستوە ئەو کاتەی کـە لـە لەنـدەن بـووە، کەسـەرەك وەزیرانـی عـێراق نـوری سـەعید سـاڵی ١٩٥٦ راوێـژی بەهەنـدێ سیاسەتمەدارو وەزیری کرد کەدەبێ چی لەگەڵ سوریا بکرێ کەئەوسا پەیوەندیی لەگەڵ عیراقدا زۆر خراپ بـوو، هەنـدێکیان پێشـنیاریان

کرد هێڵی نەوتی نێوان کەرکوکو سوریا ببڕدرێو هێڵێکی تازە لەنێوان کەرکوکو بەندەرەکانی تورکیا دروست بکرێ بەلاَم نوری سەعید سەرتاپای ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوەو وتی کەئەو نایەوێ زیان لەگەلی سوریا بدا کەچی رژێمی بەعس لەعیراقدا لەهەشتاکاندا هەر ئەو کارەی کرد کەنوری سەعید لەسالَی ١٩٥٦دا نەیکرد.

١٩- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية دراسة تاريخية ووثائقية، لندن، ١٩٩٢، ص ١٨٦.

هەروەها بڕوانە: عدنان حسين، القضية الكردية قصة ام المشاكل في العراق، مجلة الزمن، العدد ٢٦، ايلول ١٩٩٩، ص ٧.

دکتۆر وەلید حەمدی لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ دیکۆمێنتێکی نهێنی بەریتانیا کردوە کەتێیدا های کۆمیشنەری بەریتانیا مەسەلەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەکوردستان بەپێی بەلێنە نێودەولەتیەکانی عیراق لە٢٠ی ئایاری ١٩٣٠ لەگەل مەلیك فەیسەلدا وروژاندبوو. دیکۆمێنتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەحکومەتی عیراق هیچ شتێکی لەم بارەیەوە نەکردو ناوچەیەکی فێرکاریی یەکگرتوی لەهەرێمدا دروست نەکرد. بڕوانە لاپەڕە ١٨٦ی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو.



٢٠- الدكتور جبار قادر، كركوك قرن ونصف قرن من التتريك والتعريب، مجلة الملف العراقي، العدد ٩٩، ادار ٢٠٠٠، ص ٤٢.

٢١- عبدالمجيد فهمي حسين، دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية، الجزء الثاني الخاص بلواء كركوك، مطبعة دجلة، بغداد، ١٩٤٧، ص ٥٤.

٢٢- د. نوري الطالباني، منطقة كركوك، المصدر السابق، ص٥١.

٢٣- الدكتور احمد نجم الدين، احوال السكان في العراق، معهد الدراسات العربية، القاهرة، ١٩٧٠، ص ١٠٩.

٢٤- د. نوري طالباني، المصدر السابق، ص ٣٦.

سەرنج دراوە کەناوەندە ئینگلیزیەکانی عیراق لەسالَی ١٩٢١دا ژمارەی کوردی پارێزگای کەرکوکیان بە ٧٥ هەزار کەسو تورك بە ٣٥ هەزارو عەرەب بە دە هەزارو جولەکە بەهەزارو کلدان بە ٦٠٠ کەس مەزەندە کردبوو. ئەم ژمارانەش لەئەرشیفی تۆمارە پارێزراوەکانی کتێبخانەی گشتی ستۆکهۆلم وەرگیراون چونکە سوید ئەو دەولەتەیە کەسەرپەرشتیی رێکخستنی پرۆسەی راپرسی ویلایەتی موسلَی کردوە.

٢٥- لێرەدا حەز دەكەم ئاماژە بۆ ئەزمونێكی تفتو تاڵی خۆم بكەم كاتێك لەقۆناغی سەرەتایی خوێندندا بوم لەكەركوك. ئەوسا ناچار بوین وانەكان لەبەر بكەین بەبێ ئەوەی هیچیان لێ تێبگەین چونكە عەرەبیمان نەدەزانیو وانەكانیش بەعەرەبی بون. ئەم تەنگژەیەمان لەقۆناغی ناوەندیش هەر هەبو، بەڵام بەئەندازەیەكی كەمتر.

٢٦- د. نوري طالباني، المصدر السابق، ص ٥١- ٥٦.

٢٧- نوێنەرانی لیستی پیشەیی هەڵبژاردنی سەندیكایانی مامۆستایانی عیراق زۆر یاداشتیان سەبارەت بەمافە رۆشنبیریەكانی كورد دایە وەزارەتی مەعاریف (پەروەردەی ئێستا) وەك خوێندن بەزمانی كوردی، بایەخدان بەكەلتوری كوردیو دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتیی پەروەردە بۆ سەرپەرشتی كردنی خوێندن بەزمانی كوردی لەناوچەی كوردنشین. ئەم داخوازیانە كەسەندیكای ناوەندیی مامۆستایانیش پشتوانی لێ كرد، بەلای فەرماندەیی تیپی دوی كەركوكەوە "خۆئامادەكردنە بۆ دامەزراندنی كۆماری كوردستان".

٢٨- یەكێ لەهەوڵەكانی فەرماندەی تیپی دوو نازم تەبەقچەلی پاش گەیشتنی بۆ كەركوك بەماوەیەكی كەم، هەوڵدان بوو بۆ لەكارخستنی سەرۆكی شارەوانیی كەركوك كەكورد بوو بۆ ئەوەی



توركمانێكی لەجێ دابنرێو بۆ ئەم مەبەستە مفاتەحەی وەزارەتی ناوخۆی كردبوو.

٢٩- د. نوري الطالباني، المصدر السابق، ٥٨.

٣٠- نوسراوی ژمارەی ١ س/ ١٤٢ی رۆژی ١٩/ ١/ ١٩٥٩ی هەواڵگری فەرماندەیی تیپی دوو بۆ سەرۆكی ئەركانی سوپا لەژێر ناونیشانی "دۆخی سیاسی ناوچەی لێپرسراوەتی تیپی دوو"

٣١- سەركردایەتی شۆڕشی تەموز دوو كەسی لەگەورە ئەفسەرانی عەرەب كردە موتەسەریفی هەردو لیواكەی سلێمانیو هەولێر مەدەنیەكی عەرەبیشی كردە موتەسەریفی لیوای كەركوك ئەویش بەرێز عەبدولجەلیل حەدیسیە، سەرباری دانانی نازم تەبەقچەلی بەفەرماندەی تیپی دوو كەبارەگاو یەكە گرنگەكانی لەشاری كەركوكدا بوو. جگە لەمە، ئەم تیپە یەكەی تری لەهەر یەك لەشارەكانی سلێمانیو هەولێرو موسڵو قەڵادزەو راواندزو ئاكرێ هەبوو. زۆربەی سەربازو ئەفسەرانی ئەم تیپە كورد بونو پاش ئەوان عەرەبو توركمانو ئاشورییەكانی ناوچەی باكور بەگشتی دەهات.

٣٢- پاش لەکارخستنی عەبدولکەریم قاسم، عەبدولسەلام عارف گلەیی لەفوئاد عارف کردبوو چونکە لەساڵی ١٩٥٨دا نەیهێشتبو عەبدولکەریم قاسم لەنوسینگەی خۆی لەوەزارەتی بەرگری بکوژێو ئەوسا فوئاد عارف لەو ژورەدا بوو کەئەم دوو کەسەی لێ بوو. عەبدولسەلام عارف کەکرابوو بەباڵیۆزی عیراق لەئەڵمانیا، لەناکاو گەڕایەوەو هەر کە لەفڕۆکەخانە دابەزی یەکسەر چوو بوو بۆ وەزارەتی بەرگری تاکو چاوی بەقاسم بکەوێو دەشیویست بیکوژێ. دیارە ئەگەر لەو کاتەدا فوئاد عارف لەنوسینگەکە نەبوایەو دەمانچەکەی لەدەستی عەبدولسەلام دەرنەهێنایە، کوشتنی قاسم دەکەوتە تشرینی ساڵی ١٩٥٨ نەك شوباتی ١٩٦٣ کاتێك کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ سەری گرت.

٣٣- فەرماندەی تیپی دوی کەرکوك چەندان نهێنی بۆ وەزارەتی بەرگری نارد سەبارەت بەرەوشی سیاسی کەرکوك، لەوانە نوسراوی هەواڵگری فەرماندەیی تیپەکە ژمارە ح- ش- ١٩٤٣ی رۆژی ٩/ ٩/ ١٩٥٨ دەربارەی "یاداشتی مامۆستایانی کورد بۆ وەزارەتی مەعاریف سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری لەکوردستان بەتایبەتی" و نوسراوی ژمارە ح- ش ٣- ١٧ی رۆژی ٦/ ١/ ١٩٥٩ی هەواڵگری تیپە دەربارەی "رەوشی سیاسیی قەڵەمڕەوی



لێپرسراوەتی تیپی دوو". هەمو ئەم نوسراوانە کە بەنهێنی بۆ بەغدا نێردراون، لەکتێبەکەمان "ناوچەی کەرکوكو هەوڵەکانی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی" لەبەشی بەڵگەنامەکاندا لەلاپەڕەکانی ١٢٠- ١٣٣ بلاو کردۆتەوە.

٣٤- الدكتور نوري طالباني، العلاقات الكردية- التركمانية، مجلة "راية الاسلام"، العدد الاول، السنة الخامسة عشرة، لندن، أذار ٢٠٠١، ص ٢.

٣٥- د. نوري الطالباني، منطقة كركوك، المصدر السابق، ص ٦٥.

٣٦- هەندێ جاش لەناو کەرکوك دەستیان لەتیرۆرکردنی کورددا هەبو، دواتر هەندێکیان دانیان بەوەدا نا کەهەندێ لەتورکمانەکان پەیوەندیان پێوە کردبونو چەكو پارەیان دابونێو بەناو داوای تیرۆرکردنی هەندێ کەسیان لێ کردبون، لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە بۆ زانیاریەکانی لەتیف رۆژبەیانی دەکەین کەدانیشتوی گەڕەکی شۆڕجەی کەرکوك بوو، ناوبراو دانی بەوەدانا کە ٨٠٠ دینارو دەمانچەیەکی بۆ تیرۆرکردنی هەرکەسێك وەرگرتووە، ئەوانەی کەپەیوەندیان پێوە دەکرد دڵنیایان دەکردەوە کەدەزگاکانی ئاسایش پەیوەندیان پێوە نابێو زۆربەی جاریش داوایان لێ دەکرد پێیان بڵێ

کێو لەکوێ تاوانی کوشتنەکان ئەنجام دەدا تاکو پیاوانی ئاسایش لەو کاتو شوێنە دیاریکراوەدا لەوێ نەبن.

٣٧- لەکتێبەکەمان (ناوچەی کەرکوك) لەلاپەڕە ٦٨دا ناوی هەمو ئەو گوندە کوردنشینانەی دەوروبەری کەرکوکمان کۆکردۆتەوە کە نزیکی دامو دەزگا نەوتییەکان بونو رژێمی بەعس لەسالّی ١٩٦٣دا تێکی داون، لەو گوندانە دوانیان هی بنەمالّەی ئێمەن، یەکێکیان گوندی سونەگوڵیە کەوتۆتە نزیکی سنوری باکوری شارەوانیی کەرکوكو ئەوی تریش گوندی عەمشەیە کە کەوتۆتە نزیك رێگای گشتیی کەرکوك- دوبز.

٣٨- مەسەلەی نیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچەی کەرکوك بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوتی ناوچەکە لەکاتی وتووێژی نێوان رژێمی عیراقو بەرەی کوردستانی لەناوەڕاستی سالّی ١٩٩١ وروژێنرا. لەکاتی تاوتوێ کردنی سنوری هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان، شاندی رژێم نەخشەی وردی لەبەر دەستدا بوو کەشوێنی سەرچاوەکانی نەوتی لەسەر دەستنیشان کرابوو. شاندی کورد تێبینی ئەوەی کردبوو کەشاندی رژێم هەمو ناوچە نەوتیەکانی لەسنوری هەرێمی ئۆتۆنۆمی دەردەهێناو هیچ لاریی لەناوچە بێ نەوتەکان نەبوو. ئەم شێوازی وتووێژو مامەڵەیەی رژێمی عیراق لەگەڵ کورد، زۆر لەشێوازی وتووێژو مامەڵەی ئیسرائیل لەگەڵ شاندی فەلەستین دەچێ لەکاتی وتووێژدا بۆ دیاریکردنی ئایندەی ئەو زەویە فەلەستینیانەی کەئاوی ژێرزەویان هەیەو کەوتونەتە نزیك کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبونی جولەکە دیارە ئەمەش هەمان شێوازی مامەڵەی رەگەزپەرستە سربەکانە لەسالّی ١٩٩٩دا لەکۆماری بۆسنیاو هەروەها لەکۆسۆڤۆ، لەم بارەیەوە بچۆرە سەر وتارەکەی نوسەری ئیسلامی فەهمی هویدی: الاكراد شعب الله المختار، كركوك سبقت كوسوفو في خطط الاقتلاع والابادة، مجلة (المجلة)، العدد ١٠٠٥.

٣٩- ئەمە بەسەر خۆمدا هاتووە، پاش ئەوەی لەکۆتایی سالّی ١٩٨٢ وەك ئوستاد لەزانکۆی بەغدا لەسۆنگەی هۆی سیاسیەوە خانەنشین کرام، لێ نەگەڕان بۆ کەرکوك بگەڕێمەوە، بۆیە ناچار بوم لەهەولێر نیشتەجێ بوم، شوفێری ئەو لۆریەی کەماڵەکەمی لەبەغداوە بۆ هەولێر گواستەوە، بۆی گێڕامەوە کەیەکێ لەکارمەندەکانی فەرمانگەی ئاسایشی کەرکوك لەبازگەی کەرکوك- بەغداوە تا بازگەی کەرکوك- هەولێر بەدوایەوە بووە تاکو دڵنیا بێ کەلۆریەکە لەکەرکوك دەردەچێ.

٤٠- دەربارەی ئەم هەڵسوکەوتە رەگەزپەرستانەیەی رژێمی عیراق لەدژی کوردی کەرکوك، بچۆرە سەر کتێبەکەمان (ناوچەی کەرکوك) ل ٧١-٧٧.

٤١- گەڕەکەکانی کەرامەو شەهیدانی قادسیەو ئیسکانی کۆنو تازە لەناوچەی چوارباغ لەباکوری رۆژهەڵاتی کەرکوك نزیك رێی گشتیی کەرکوك- سلێمانی دروست کرانو ئەم ناوچەیە باخێکی گەورەو چەند زەویەکی کشتوکاڵی بنەماڵەی تاڵەبانی لێ بوو. بەهاران بەتاییەتی، خەڵکی ئەم گەڕەکانە دەچون بۆ ئەم باخو بێستانانەو چێژیان لەجوانی سروشت وەردەگرتو کاتێکی خۆشیان تێدا بەسەر دەبرد. ناوچەکە چەند کارێزێکیشی لێ بوو. تا ناوەڕاستی پەنجاکانیش جۆگەلەیەك لەناوچەکەدا هەبوو کەبۆ ئاودێرانی باخو بێستانەکان سودی لێ وەردەگیرا، جگە لەوەی کەئاوی بۆ تەکیەی تاڵەبان دابین دەکرد. جۆگەلەکە لقی روباری خاسە بوو، لەنزیك گوندی ئاشەسورکە لەباکوری رۆژهەڵاتی کەرکوك لەسەر رێگای یاروەلی لەخاسە جیا دەبۆوەو روەو ناوچەکە دەچوو.

٤٢- شاری کەرکوك بارەگای فەرماندەی تیپی دوو بوو، زۆربەی سەربازو ئەفسەرەکانی کورد بون. لەسەرەتای شەستەکانەوە کەرکوكو دەوروبەری، بەرە بەرە بەسەربازگە تەنران وەك تیپەکانی سوپاو



فەرماندەی فەیلەقی یەك سەربازگەی خالدو فڕۆکەخانە گەورەکەی سوپاو چەندین دامو دەزگای تری سوپایی.

٤٣ - ئەگەرچی دامەزراوەی سوپایی دەسەڵاتێکی زۆری لەکوردستاندا هەبوو تەنانەت دەسەڵاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایشی هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی کۆمەڵگە عەرەب نشینەکانی ناوچە زورگەییەکانی باکورو رۆژهەڵاتی کەرکوك بپارێزێو هەمیشە لەهێرشی پێشمەرگە تۆقی بوو. ئاسایشی ئەو کۆمەڵگە عەرەب نشینانە بۆ رژێمی عیراق گرنگیەکی زۆری هەبوو، بەڵام چونکە ئەوەی لەتوانادا نەبو ئاسایشی هەمو کۆمەڵگە عەرەب نشینەکان دابین بکرێ، رژێم بڕیاریدا تەنها لەناوچە دەشتاییەکانی پارێزگای کەرکوك کۆمەڵگە بۆ عەرەبی هاوردە دروست بکات.

٤٤- زۆر لەسەر ئەنفالو قوربانیانی ئەم تاوانە گەورەیە نوسراوە، بۆیە لێرە ئاماژە بۆ ناوی هەندێ لەو کەسانە دەکەین کە بەکوردی لەم بارەیەوە کتێبییان هەیە، لەوانە تەها سلێمان، هەڤاڵ ئەبوبەکر، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، عارف قوربانی، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود.

٤٥- د. نوري طالباني، منطقة كركوك، المصدر السابق، ص ١٠٩.

٤٦- زۆر کەس لەوانەی کەبەشدار بـون لـەڕزگارکردنی شـاری کەرکوك بیرەوەریی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە بەشێوەیەکی تایبـەت ئەو بیرەوەریانەی کە لەژمارە ٤ی بەهاری سـاڵی ٢٠٠٠ی گۆڤـاری "کەرکوك"دا لاپەڕە ٥٥- ٨٦ بڵاوکراوەتەوە. زۆربەی ئـەو کەسـانە باسی ئەوە دەکەن کە لەکاتی رزگـارکردنی کەرکوکـدا نـەك تـەنها هاووڵاتیانی کورد پێشوازیان لەپێشمەرگە کردوە بەڵکو هاووڵاتیـانی تورکمانو ئاشـوریو عـەرەبیش، گەڕەکـە کوردنشـینەکان لـەکاتی رزگارکردنی شارەکەدا زیـانی گیـانیو مـاڵی گـەورەیان لێکـەوت، بەتایبەتی پاش ئەوەی کەهێزەکانی رژێمو چـەکدارەکانی مجاهیـدینی خەلق هێرشیان کردە سەر شار، لەم هێرشەدا تەنانەت برینـدارەکانی ناو نەخۆشـخانەکانیش کـوژران، ئەمـەش خەڵکەکـەی ناچـار کـرد لەکەرکوك دەرچنو روو بکەنە هەولێرو سلێمانی، ئیدی دوا بـەدوای ئەمـە، ئـەم هێزانـەو عەرەبـە هاوردەکـان کەوتنـە تـاڵانکردنی ماڵەکانیان.

٤٧- رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) و رێکخراوی مـافی مرۆڤـی کـورد لەبـەریتانیاو رێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ لەکوردستانو سەنتەرەکانی بەرگری لەمافی هاووڵاتیانی کـەرکوك، بەتایبـەتی دەرکـراوو ئـەنفالکراوەکان، لەهـەر یـەك لەسـلێمانیو



هەولێرو هەروەها لەئەورووپا، کەوتنە بڵاوکردنەوەی چەند لیسـتێکی ناوی ئەو کەسانەی کەڕژێم لەکەرکوك دەریکردونو لـەو لیسـتانەدا رۆژی دەرکردنی هەر خێزانێکیش دیاری کراوە، لێرە وەك نمونە ئاماژە بۆ ئەو لیسـتانە دەکـەین کەلـەگۆڤاری "کـەرکوك" لـەژمارە ٥ دا گۆڤـاری "هـاواری کـەرکوك" لـەژمارە ٣و ٤دا بڵاوکراونەتـەوەو هـەروەها لەلێکۆڵینـەوە بەنرخەکـەی "چـوار سـاڵ لەخزمـەتی دەرکراوەکانی کەرکوکدا" کە لەسلێمانی بڵاوکراوەتەوە لیستی نـاوو ناونیشانو رۆژی دەرکردنی هەزار خێزانی کوردی کەرکوك لەسـاڵانی ١٩٩٦و ١٩٩٧و ١٩٩٨و ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.

٤٨- بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ رێـژەی کـورد لـەلیوای کەرکوك گەیشتۆتە ٤٨/٣% ئەم رێژەیـە لەسـەرژمێری ١٩٧٧دا دابەزیوەتە ئاستی ٣٧,٥٣%و رێـژەی عـەرەبیش لـە٢٨,٢%ـەوە لەسەرژمێری ١٩٥٧دا بۆتە ٤٤,١٤%، لەکاتێکدا رێژەی تورکمان کە لەسەرژمێری ١٩٥٧دا بریتی بوو لە ١٦,١٣%، لەسـەرژمێری ١٩٧٧دا بوو بە ٢١/٤%. ئەم رێژە بـەرزەی هەڵکشـانو دابـەزین کەڕێژەیەکی نائاساییەو ئەو رێوشوێنانە دەردەخا کە رژێم هانـای بـۆ بـردوە بـۆ دەسـتکاریکردنی رەوشـی دیمـوگرافی کـەرکوك لەوانـە راگواستنی دەیان هەزار خێزانی کـوردو هـەزاران خێزانـی تورکمـان

لەکـــەرکوك‌و دەوروبـــەری‌و هـــاوردنی ژمارەیـــەکی زۆری عـــەرەب لەناوچـــەکانی تـــری عـــیراق‌و نیشـــتەجێکردنیان لـــەم شـــارەو لەدەوروبەرەکەیدا. ئەنجامەکانی سەرژمێری ١٩٩٧ باشـتر رەفتـاری رژێمیان ریسوا کردوە، چونکە رژێم کەوتە ناچار کردنی هاوولاتیانی کورد بۆ گۆڕینی نەتەوەیان‌و دەرکردنی هەمو ئەوانـەی کەئـەنکێتی گۆڕینی نەتەوەی پڕ نەکردۆتەوەو لەهەمان کاتدا رژێم هەر بـەردەوام بوو لەسەر هاوردنی هـەزاران خێزانـی عـەرەب‌و نیشـتەجێکردنیان لەناوچەکە، لەم بارەیەوە بڕوانە: الدکتور خلیل اسماعیل محمد، البعـد القومي لسیاسة الترحیل والتجمیع في محافظة کرکوك، مجلة "هـاواری کەرکوك"، العدد الاول، ایلول ١٩٩٨، ص ١٢٨ و ما بعدها.

٤٩ - وتـاری عیـزەت دوری لەکـەرکوك لەسـەرەتای ئـەیلولی ٢٠٠٠ و جەختکردنی لەسـەر ئـەم سیاسـەتە لەبـەردەم لێپرسـراوە حزبی‌و سـوپاییەکانی شـارەکە لەکۆبونەوەیـەکی دیکـەدا بەبۆنـەی سەردانی بۆ کەرکوك کە لـەژمارەی رۆژی ٢١ی ئـەیلولی ٢٠٠٠ی رۆژنامـەی "الحیاة" دا بلاوکراوەتەوە.



## زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بلاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکـان و مـافی چـارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئـایین و دەوڵـەت لەمیسـری سـەردەمی محەمـەد عـەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچـــە جێناکۆکـــەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعـــــــــەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | و. عوسمان حەسەن<br>شاکر | |
| ٢٥<br>٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد<br>قەرەداغی | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥<br>٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و<br>پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥<br>٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون<br>انتخاب برلمان كوردستان ـ<br>العراق ومشروع دستور<br>اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٦<br>٠ | ١<br>٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە<br>یاسین عومەر | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٦<br>١ | ١<br>١ | المدارس السياسية الثلاثاء في<br>العراق و امكانية التعايش<br>السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٦<br>٥ | ١<br>٢ | پێگەی میدیا<br>لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی | ڕێبین حەسەن | ٢٠<br>١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ئەمریکادا | | |
| ٣٦<br>٦ | ١<br>٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠<br>١١ |
| ٣٦<br>٧ | ١<br>٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو<br>گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠<br>١١ |
| ٣٦<br>٨ | ١<br>٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فريد اسسرد | ٢٠<br>١١ |
| ٣٦<br>٩ | ١<br>٦ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام<br>لەبەردەم ئەگەری<br>عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠<br>١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

### ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنكنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | عەرەبی | | |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکـان و مـافی چـارەی خۆنووسـین زنجیرەی هۆشـیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بیٚشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئـاین و دەوڵـەت لەمیسـری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامـەی کـوردی گۆڤـاری هـەولێر سـاڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئاسـۆکانی چارەسـەر، زنجـیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسـیزم و سـەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصـانة البرلمانيـة في قـانون انتخـاب برلـان كوردسـتان ـ | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | | |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | (١٢) | | |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانییدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠- ١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە: | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کارزان کاوسێن | |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | ماموّستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |